شـــــار

قائمقامی قەزای رانیە : داوای کرد کەپەیامی شاری رانیە بگەیەننە یەکێك لەشارەکانی ئەمریکا تاوەکو ببێتە دەستە خوشکی رانیە

لەگۆشەی پێشودا ولەپلانی نوێ ئاماژەمان دا بەوەی کەقائمقامی رانیە کۆروکۆبونەوەو راوێژ ئەنجام دەدات وەك نەریتێکی نوێ لەگەڵ هاوولاتیان لەسەر پرۆژەکانی شار ، ﴿شوقەکان تەسلیم بەخوێندکارانی بەشە ناوخۆکران ،کرێی هاتوچۆ دابەزێنرا ،(فلاشەر) شاروبەردەم تاصەکانی لەشەواندا جوان کردوە ،تاصەکانی شارشێوەی ئەندازەییان وەرگرت ﴾

قائمقامی قەزای رانیە کۆبونەوەیەکی ئەنجامدا لەگەڵ هەریەك لەتوێژەکانی پیاوماقولانی شار وکەسایەتیەکانی شار ،گەنجان، هونەرمەندان ،کاسبکارانی ناوبازار کەتیایدا کۆمەڵێك تەوەروباسی زۆر باش وروژێنرابۆ دەوڵەمەندتر کردنی پرۆژەی ئاوی کوێرەکانی ،کەبەسود وەرگرتن لەبۆچون وپێشنیارەکانی هاوولاتیان بیرۆکەی جوانتروشیاوتر گەلاڵە بوو بۆپرۆژەی ئاوی کوێرەکانی ،وەلەلای خۆشیانەوە ئامادەبوان ئەم هەنگاوەیان بەباش ئەژمارکرد.٣/١١/ لەهۆڵی کۆمەڵگەی فەرمانگەکان بەئامادەبونی بەڕێز (ل سوتەمەنی راپەرین) ولیژنەی ئاسایش وچاودێری ونوێنەری موەلیدات بەمەبەستی چارەسەر کردنی گرفتی کەمی گازی موەلیدەکان بەڕێز قائمقامی قەزای رانیە کۆبونەوەیەکی لەگەڵ خاوەن موەلیدەکانی ناو شاری رانیە ئەنجام دا.لەو کۆبونەوەیەدا چەند لایەنێکی گرینگ قسەیان لێوەکرا ،قائمقامی رانیە سەبارەت بەوانەی کە کەمتەرخەمی دەکەن لەپێدانی کارەبا بریاری دا سزای یاسایی بەکاربهێنێ ،وەبەپێچەوانەوە بۆ هەرکامێك لەو خاوەن موەلیدانەی کەلەلایەن خەلکی گەرەکەکەیانەوە گلەییان لەسەر نیە پاداشت وپێزانینیان پێبدات وسوپاسی زۆری ئاراستە کردن .٤/١١/ قائمقامی قەزای رانیە لەگەڵ شاندێکی یاوەری کەپێك هاتبون لەسەرۆکایەتی شارەوانی رانیە وبەڕێوەبەرێتی پەروەردەی و راگری کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان وراگری پەیمانگاکانی رانیە سەردانێکی مەیدانیان ئەنجام دا بۆ شوقەکانی رانیە کە بەم دوایەیانە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە بریار درا کەئەو شوقانە بەکاربهێنرێت بۆ بەشی ناوخۆیی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان وئەوپەیمانگایانەی لەناوچەکەماندا هەیە کە لەم سەردانەیاندا هەروەك لەلێدوانێکدا بەڕێز قائمقامی رانیە ووتی شوقەکان تەسلیم کران وقسە لە هەرچی زووی جێ بەجێ کردنی پێویستیەکانی کرا وەك ﴿کارەبا وئاو و ئاوەرۆ﴾ پێش نیوەڕۆی هەمان رۆژ بەڕێز قائمقامی رانیە بەشداری کۆبونەوەیەکی بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی رانیە ویەکێتی زانایانی ئایینی کرد ، وێرای بەرز نرخاندنی رۆلی زانایانی ئایینی لەمێژو و خەباتی رەوای گەلەکەمان لەوکۆبەنەوەیەدا باس لەپابەند بونی مامۆستایان وقارئوخزمەتگوزارەکان کرا تایبەت بە پاك وخاوێنی مزگەوتەکان وبەئاگابوون لەرەوشی کوردستان و دەزگاکانی حکومەت لەهەر بوارێکدا کە پێویست دەکات لەبلندگۆی مزگەوتەکان ومینبەرەکانیانەوە جەماوەر بەئاگاو هۆشیار کەنەوە ، پاشان گوێ ی گرت لەراو بۆ چونەکانی مامۆستایان ورونکردنەوەی پێویستی دا بە ئامادەبوانی کۆبونەوەکە .٥-١١- قائمقامی قەزای رانیە سەرپەرشتی کۆبونەوەیەکی کردلەگەڵ نوێنەری خەتی گواستنەوەی ناو شار و دەرەوەی شار کەتیایدا قائمقامی قەزای رانیە داوای لێکردن بەهۆی زۆر بوونی رێژەی سوتەمەنی ودابەزینی نرخی سوتەمەنی لەبەرژەوەندی هاوولاتیاندا هەوڵ بدەن نرخی گواستنەوە دابەزێنن ، ئەمەو دوای راوێژی زۆر لەگەڵیاندا توانرا بگەنە دەرئەنجامێك کە نرخەکان دابەزێنن .هەر هەمان رۆژ بەڕێزیان پێشوازی کرد لە ریپۆرتێرێکی کەنەدی لەکەناڵی(تۆرەنتۆ ستار) لەدیدارێکی دا قائمقامی قەزای رانیە ،وەکبەرچاو روونیان ئاماژەی دا بەو خزمەتگوزاریانەی کەهەیە و بەچ جۆرێك رایی کاری هاوولاتیانی پێدەکەن ، وەك سوتەمەنی بەگشتی وبریاری ٩٨٦ ی نەوت بەرامبەر بەخۆراك وکارەبا کەلە ٢٤ کات ژمێردا تەنها چەند کاتێکی کەم هەیە .

٧/١١/بەڕێوەبەری گشتی هاتوچۆی هەرێم عقیدفریدون بەیاوەری شاندێکی ئەندازەیی وپسپۆڕ لەبوارە جیاجیاکانداسەردانی دیوانی قائمقامیەتی رانیەیان کرد کەلەپای پشتیوانی کردنی زۆری قائمقامی رانیە بۆتۆکمەتر بونی یاسای هاتوچۆ وداواکانی هاتبون بەمەبەستی دانانی فسفۆری شەوانە(فلاشەر) بۆبەردەم تاصەکان وبایەخێکی شارستانیانەتر بەشار کەبۆهەردانەیەك لەو فلاشەرانە بەبری ٥٠ $ کردراوە ،وەلەودیدارەدا گەلێك داواداخوازی خرانە رو لەسەرویانەوە کردنەوەی بەڕێوەبەرێتی هاتوچۆ وەدانانی هێماکانی هاتوچۆ لەناوەوەدەرەوەی شارکەهاوکات ١٢٤عمودی بۆنێردراوەولەئایندەدا هێمای پێوە هەڵدەواسرێ

١١//١١ نێردەیەکی پەرلەمانی کوردستان کەپێك هاتبوون لە زارتاهیر سەرۆکی لیژنەی ئاوەدان کردنەوەو عوسمان ئەحمەدسەرۆکی لیژنەی پەروەردە وە وەئارام رەسول ئەندامی لیژنە وە سارا فەقێ خدر ئەندامی لیژنە سەردانی لێپرسراوی یەکەی ئیداری رانیەیان کرد ولەدانیشتنێکدا وێرای بەخێر هێنانیان قائمقامی قەزای رانیە لەپاڵ هەوڵە بەردەامەکانی بۆ پردی چوارقورنە کە بۆتە گرفتی زۆری بەردەم گواستنەوەی هاوولاتیان گواستنەوەی خۆراك ومستەلزەماتی رۆژانەی خەلك لەشارەکانیەوە بۆ بیتوێن پشدەر داوای لێکردن کە کۆبونەوەیەکی خێراو بەر لەدەسپێکی هاتنی لێلاوو سێلاوی بارانلەسەر پردی ناوبراو یاخود لەپەرلەمانی کوردستان جێ بەجێ بکەن وداوامان بکەن بۆ بەشداری بونمان وسەرنج وتێبینیمان لەوبارەیەوە .پاشان لەسەر رەوشی خوێندن لەدەڤەرەکەدا تأکیدی لەسەر پێویستی مامۆستا بۆ سنورەکە کردەوەو داوای لێکردن فشار بخەنە سەر پەروەردەکانی ﴿هەولێرسلێمانی ،کۆیە﴾ بۆناردنی مامۆستا وەلەهەمبەردا حەوافیزو مووچەی زیادیان بۆزیاد بکرێت ، هەروەها داوای کرد کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان بکرێت بەکۆلێژی پەروەردە بۆبەرهەم هێنانی مامۆستاو کادری باشی موهتەم بەکاروباری خوێندن لەسنورەکەدا.هەرهەمان رۆژ بەرپرسی هێزی هاوپەیمانان لەسنوری سلێمانی بەیاوەریان چەند ئەفسەرێك سەردانی یەکەی ئیداری ناوچەکەیان کرد.رائد توون سەرەتا باسێکی جوانی سروشتی شاری رانیەی کردوپاشان ئامانجی هاتنەکەیانی بۆ بەرێزیان روونکردەوە . قائمقامی قەزای رانیە وێرای بەگرنگ هەڵسەنگاندنی هاتنیان وبەسەر کردنەوەیان بۆدەڤەرەکە ناوی هەریەك لەپەیمانگای هونەرەجوانەکانی رانیە وپەیمانگای کۆمپیوتەری رانیەی پێدان کەلەچوارچێوەی کاریاندا بۆ نۆژەنکردنەوە بەسەری بکەنەوەو بیخەنە کارنامەیانەوە وەهەروەها داوای کرد کەقەرەبووی ئەو ئاوارانە بکەنەوە کەلەناو پەیمانگای هونەرەجوانەکاندان ، تاوەکو ئەو پارچەیەش کەپێویستیەکی لەرادەبەدەری پەیمانگای ناوبراوە بگەڕێنرێتەوە بۆپەیمانگا ، وێرای باسکردنی نەخۆشخانەی گشتی رانیە کەبەشێکی پێویستی بەنۆژەن کردنەوە هەیە لەگەڵ پێشنیار کردنی بۆدانانی شەبەکەی ئاوی گەرەکی (بناری کێوەرەش) . ئەمەو پاش راوێژێکی هەمەلایەنە قائمقامی رانیە داوای کرد کەپەیامی شاری رانیەبگەیەننە یەکێك لەشارەکانی ئەمریکا تاوەکو ببێتە دەستە خوشکی رانیە و سودلەو بیناسازی وجوانکاری وپێشکەوتنانە ببینن کە لەشارەکانی ئەمریکادا هەیە وەفدەکەی هاوپەیمان بەلێنیان دا پەیامەکان بگەیەننە شوێنی مەبەست .١٤-١١/ بەهۆی دەنگۆی نارەزای شوفێران وبەئەندازە کردنی شێوازی ئەو تاصانەی کەهەیە لەناو شاردا بەڕێزقائمقامی رانیە لەگەڵ کرێکارانی بەڕێوەبەرایەتی ئەشغال وئاوەدان کردنەوە وئەندازیاری بەڕێوەبەرایەتی ناوبراو هەڵسان بەچاککردنی ئەو تاصانەی دوور لە ویستی بەڕێزیان دروستکرابوون ،کەهاوکات شێوەیەکی ئەندازەیی هاتوچۆی وەرگرتوە.١٨/١١/بەڕێز قائمقامی رانیە هۆبەی کشتوکاڵی چوارقورنەی کردەوەو لەدانیشتنێکی جەماوەریدا باسی لەگرینگی وبەپیتی خاکەکەی بیتوێن کرد لەرووی کشتوکاڵەوە .بەیاوەری بەڕێوەبەری پەروەردەی رانیەو بەڕێوەبەری پەیمانگای مامۆستایان وبەڕێوەبەری ئاسایشی رانیە قائمقامی قەزای رانیە خوێندکارانی بەشە ناوخۆییەکانی کوران کچانیان بەسەر کردەوەبۆ لێکۆلینەوە لەداواو داخوازیەکانیان وجێ بەجێ کردنیان ، ٢٠/١١/ بەئامادەبونی هەریەك لەنوێنەری کەناڵەکانی ناوخۆی رانیە کۆبونەوەیەکی چڕوپڕئەنجام درالەسەر چۆنیەتی رەوشی راگەیاندن لەدەڤەرەکەو ئاستەنگەکانی ،هەرلەوکۆبونەوەیەدا بریار درا بۆهەرچی نزیکتر بوون وئالوگۆڕی ئاراوبۆچونەکانیان لەیەکتر وبەئامادەبوونی زیاتری میدیاکان هەموو ٢٠ مانگێك کۆبونەوەی لەوجۆرە ئەنجام بدرێت .

پۆزش :بەداوای لێبوردن لەبەڕێز(دانائەحمەد مەجید) پارێزگاری سلێمانی کەلەهەواڵی شەشەمی گۆشەی پێشومان دا بەهەڵە ناوی بەڕێز جوتیار نوری لەبری ناوی بەڕێزیان نوسرابوو.

پرسی گەنج لەنێوان بێباکی دەسەڵات و بێ ئیرادەیی گەنج خۆی

هاوڕێ کاسترۆ

لەهەر دۆخێکدا خوێندنەوەت و شرۆڤەت بۆ دۆخی گەنج هەبێت لەسروشتی ئەو دۆخەوە بەرهەم دێتو کەپێوانەیەکی لۆژیکیت دەداتە دەست کەپرسی گەنج و هاوکێشەکانت لەچوارچێوەی ئەو تابلۆ سیاسیەدا رەنگ رێژدەکات. بۆیە لەدەیەی رابردوودا هاوکێشەکانی گەنج لە چوارچێوەی بەهایەکی گرنگی کەبەپێوانەی توانای گەنجان کەهاوشێوەی پرسە نیشتیمانی و نەتەوایەتیەکان نەبینراوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە هەمیشە پرسی گەنجان لەپەراوێزی هاوکێشە سیاسیەکاندا جولاوەو یاری پێکراوە. ئامرازێکی کارپێکراو بوە لای دەسەلاتی سیاسی. بەدیوێکی تردا گەنج بوون لەژێر ئیرادەی خۆیدا نەبووە . ئەمەش گەنجی ئالۆز کردوەو بەشێوەیەکی سیاسیانە رای هێناوە کەبەدەوری خۆیدا خولبخواتەوەو سربونێك بەخۆیەوە ببینێت. بۆیە نەدەسەلات هەستی کردووە گەنج تورەیە نەگەنجیش زانیویەتی فەرامۆش کراوە. ئەم رەوشە زەمینەیەکی بەرهەم هێناوە ، نەدەسەلات گوێ بەنارەزاییەکانی گەنج دەدات نەگەنجانیش گوێ لەدەسەلات دەگرن. بەمەش خاڵە ناکۆکەکانی نێوان گەنجانو دەسەلات ئاراستەی پێچەوانەی وەرگرتوە. بۆیە سەنتەرەکانی کارکردنی گەنجان رەوتێکی دوژمنکارانەیان وەرگرتوە بەرامبەر دەسەلات. لەم نێوەندەدا وەك دوو دوژمنی سەرسەختی یەکتر هەنگاو دەنێن و مامەڵە لەگەڵ یەکتر دەکەن. ئەم رەوشەش رۆژبەرۆژ ئیرادەی گەنجی لاواز کردوەو گەنجی یەك پارچە پەرتەوازەکردوە. تەنها پێش خۆی دەبینێتو بیرناکاتەوە بۆیە راکردن و هەڵچونەکانی پەرتەوازەییەکەی بێ کاریگەری لەرۆژگاری ئەمرۆدا دروستکردوە. بۆیە هەرکەناوی گەنج لای دەسەلات ئەهێنی پان بەپێچەوانەوە لای گەنج ناوی دەسەلات ئەهێنی یەکسەر وێنەیەکی ترسناك دروست دەبێت. دەسەلات پێی وایە گەنج دەیەوێت ئەو سەروەت و سامان و ئازادیەی وەدەستمان هێناوە زەوتی بکەن و دوورمان خەنەوە لەرۆژگاری ئەمرۆ چونکە ئێمە پیاوی هەمموو سەردەمێکین. گەنجانیش پێیان وایە دەسەلات هەنگاوی جدی نەناوە بۆ دەربازبوون لەکەلتوری دەسەلاتی بەعسیزم پنەماکانی دەسەلاتی رابووردو لەدەسەلاتی ئەمرۆدا دەبینرێت کە ئەم دووئاراستە دژە لەکارکردندا کەلەسەر بنەمایەکی دیموکراسی نیە وە بیرکردنەوەکان دەکوژێت، بەڵکو شێوازێکی زارەکی بەرهەم دەهێنێت نەك عەقلانی. لەم نێوەندەدا تێکۆشانی تەندروستی مەدەنیانەی گەنج و دەسەلات وندەکات خاڵە ناکۆکەکان بەهێزدەکات دەیان کاتە ئامرازێکی تێکۆشان بەمەش توندوتیژی لەدایك دەبێت، دیموکراسیەت دەکوژێت و ئامانجە مەدەنیەکانیش دەبنە سەربازی. بۆیە رۆژ بەرۆژ کێشەی نێوان دەسەلات و گەنج ئالۆزتر دەبێت. مەدایەکی شێواو ئالۆز سێبەر بەسەر دۆخەکەدا دەکێشێت، ئەمەش هەنگاوەکانی بۆ پێشەوە دەگۆڕێت و راکردن و ئالۆزکردن و تەسلیم بوون دەبێتە بیانویەك بۆ گەنج بۆ خۆدزینەوە لەکۆدەنگی وەلامی پرسیارەکانی رۆژگاری ئەمرۆ، چونکە لەهیچ سەردەمێکدا زەمینەی تێکۆشانی گەنج فەراهەم نەبووە، گەنج چی ویست لەدەسەلات بۆی جێبەجێبکات، بەڵام توانا و ئیرادەی گەنج و تێکۆشانەکانی فەرزی کردووە دەسەلات بەدوای کێشەکانیدا بچێت نەك پێیان ببەخشێت. بۆیە ئەوەی ئەمرۆ لەناو تویژی گەنجدا دەبینرێت ودیالۆگی لەسەردەکرێت ئەوە دەردەخات گەنج بێ تێکۆشان و خۆبەختکردن ببێتە خاوەنی داواکارییەکان. لەکاتێکدا ئەمجۆرە بیرکردنەوەیە خەمساردی بەرامبەر کێشەکان، دەچێتە ناوهاوکێشەی سربوون وەك مرۆڤێکی ئالودەبوو بەمادە سرکەرەکانی لێدێت. جموجوڵەکانیش هێندەی بونەتە جوڵەی ئارامبەخش جوڵەی گۆران نین، بەڵکو جوڵەی رۆتینین، لەم نێوەندەدا تابلۆی سیاسی کوردستان فۆرمێکی کلاسیکی بەخۆیەوە بینیوەو بەبێ گۆرانێکی چۆنایەتی هەنگاو دەنێت. وەك ئەو وڵاتە گرفتی تێدانەبێت بنەماکانی دیموکراسی تەواو پراکتیزەکرابێت و خاوەن ئارامیەك بێو مرۆڤی کوردی گەیاندبێتە ئاستێکی مەعریفی گەشەسەندوو، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەمەشیان وەك سەرجەم رەهەندەکانی تر هاوشێوەی فۆرمە کلاسیکیەکانی تر درێژکراوەی بەهاکۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگای کوردین، بۆیە هیچ گۆرانکارییەك لەم کۆمەڵگایەدا کاریگەری نەماوە، هەرتوێژەو چاوی لەتوێژێکی ترەو دواجار دەستی کۆتایی پشتێنی دەسەلاتی گرتووە، بۆیە لێرەدا ئەوەی گرنگەو گەنج تێی بگاو هەنگاوی بۆ بهاوێ تێگەیشتنە لەخەباتی مەدەنیانەی خۆی و خۆرێکخستن و کۆدەنگی بۆ داکۆکیکردن لەمافەکانی خۆیان و دۆزینەوەی رایەلەکانی پەیوەندی نێوان دەسەلات و گەنج بەهەمان شێوەش گرنگە دەسەلات تێبگات گەنج تورەیەو خاوەن کێشەیەو دەبێ گوێی لێبگیرێت. بەم ئاراستە بیرکردنەوەو تێکۆشانە سروشتی تێکۆشانی مەدەنیانە دروست دەبێت و هەنگاوەکانیش جێگای خۆیان دەگرن.

کەی لەسایەی رەخنەدا دروست دەبین؟!

٧

هادی باڵەیی

هەرکاتێك پرسیار لەچەند کەسێك بکەیت کە ئایا چۆن رەخنە هەڵدەسەنگێنن ؟ زۆربەیان پێشچونی ئاستی هۆشیاری مرۆڤ، ئەوا رەخنەیان خۆشداوێت، بەڵام ئاخۆ چۆن بتوانین کاردانەوەی باشمان بەرامبەر رەخنە هەبێت، بێ ئەوەی لە بری روخێنەر گیانی بنیات نان لە رەخنەدا بنیات بنێین. رەخنە بکەینە پرۆژەیەکی مەعریفی، بۆ ئەمەش پێویستە رەخنەگرەکە کەسێکی پسپۆرو شارەزا بێت، لانی کەم زۆر زیرانە گوێ بگرێت بۆئەوەی لە رەهەندی مەسەلەکان تێبگاتو بتوانێت لایەنی نێگەتیڤو پۆزەتیڤ دەست نیشانبکات، هەروەها چارەسەریشی پێبێت، ناکرێ رەخنە لە شتێك بگریتو بە تەواوی لێی تێنەگەیشتبیتو بەدەم؟ گرنگترین شتیش لەقبوڵکردنی رەخنەدا راست گۆییە، ئەگەر واپیشان بدەیت کە رەخنەیەك قبوڵدەکەی، بەڵام لەراستیدا وانەبێتو پشتگوێی بخەی، لەوانەیە رەخنە گرەکە بەدوای وەلامی تۆدا بگەڕێتو بەپەرۆشەوە بیەوێت بەڵگەی کاری تۆ ببینێت. خۆ ئەگەر هیچی دەست نەکەوت کەبیسەلمێنێ رەخنەکەت وەرگرتووە، ئەوا لەوانەیە بەناراستت بزانێ، هەروەها ئاساییە دوو کەس وەك یەك بیر نەکەنەوە، چونکە هەموو مرۆڤەکان لە یەکتری جیاوازن، دەکرێت خاڵی هاوبەشمان هەبێتو رامان لە یەکترەوە نزیك بێتو بتوانین هاوکاری یەکتر بکەین، ئاساییشە کە لە یەکتری جیاواز بین و ناکۆك بین لەسەر راستیی مەسەلەیەك، بۆیە پرۆژ نیە بۆ کۆتایی .

گرنگترین شتیش لە قبوڵکردنی رەخنەدا ڕاست گۆییە

رەخنەگرتن پێویستی بەبوێریو ئازایەتی هەیە

رەخنە بەروخێنەرو

ترسناكو قێزەون ناو دەبەن، هەوڵ دەدەن رووبەرووی رەخنە نەبنەوەو تاکو لەتوانایان دابێت دوور دەکەونەوە لێی، ئەو کەسانەی لایەنی پۆزەتیڤ لەرەخنەدا دەبیننەوەو رەخنە بەگرنگ دەزانن بۆ بەرەو ئەگەر لەرەخنە رازی نەبووی وێستت رەتی بکەیتەوە، باشترە بڵێیت: بمبورە.. من هەمان بیرو بۆچونی تۆم نییە.

رەخنە گرتن پێویستی بەبوێریو ئازایەتی هەیە کەبتوانرێ لەکاتو شوێنی مەبەستی خۆیدا رەخنە بگیرێت هەروەها پێویستە لەکاتی رەخنە گرتن کەسەکە لەکارەکە یان گوتارو بابەتەکە جیابکەینەوە، بۆئەوەی رەخنە لەماناو کارەکە بگریتو دەست نیشانی بکەیتو خاڵ لەسەر پیتەکان دابنێیت. ئەوەی کە پێویستە لەو نوسینە کەمەدا ئاماژەی پێبکەم دەرکەوتنی رەخنەیە وەك تالیەتێك بۆ فکرو دەستنیشانکردنی کەمو کوریو پرۆژەی چاکسازی لەسەرووی هەموشیانەوە بروا بوونە بە رێژەیی بوونی راستیەکان چونکە دوا جار راستیەکان مەسەلەیەکی رێژەیین و هیچ شتێك شرۆڤەت نەکردبێت، هەروەها ناکرێت کاتێك رەخنەیەکت ئاراستەکرا، تۆش بە رەخنە وەلام بدەیتەوە، چونکە ئەم رەفتارە تەنها هەست بریندارکردنو ئازاردانی خۆتو بەرامبەرەکەتی لێدەکەوێتەوە، بۆیە دەبێ پێشنیاری چارەسەر بکەیت، تەنانەت لەکەسی رەخنەگریش، بۆنمونە دەتوانی بەرەخنەگرەکە بڵێی: دەتەوێ من چۆنو بەچ شێوەیەکی تر ئەم کارە ئەنجام پەرۆژ نیە بۆ کۆتایی .